# ئەو کارێکتەرانەی لە پشت ناو گۆڕینمەوە بوون

**کامیار سابیر**
ناسراو بە
خەتاب سابیر
Kamyar.sabir@yahoo.com.au

بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیی و زانستییەکان، مرۆڤ کە لەدایک دەبێ ئازادە، ئەم ئازادییەشە مرۆڤ لە تەمەنی کورتی خۆیدا زۆرترین قوربانیی بۆ دەدات. کە لەدایکبووم مرۆڤ بووم، دواتر بەهۆی چەوسانەوەی گەلەکەمەوە هەستم کرد مرۆڤێکی کوردی نائازادم، ناوێکی ڕەسەنی عەرەبیی و مەزهەبیی بەباڵامدا برا. ئەم ناوە لەژیانمدا زۆر ئازاری دام، هەمیشە وەک دێوێک لەگەڵمدا بوو، ماوەیەکی زۆرە دەمویست بیگۆڕم بەڵام جورئەتم ناکرد، نەمدەوێرا، لەدەمی خەڵک و دۆست و برادەرو خزم و کەسوکار دەترسام.

لە ژیانمدا زۆر پێوەی تلاومەتەوە، بۆیە بڕیارمدا چیتر ئەو ئازارە بەخۆمەوە نەهێڵم.. دێوێک لەناخ و دەروون و گیانمدا بوو، بەیەکجاریی دەرمکرد. بەتایبەت من لەوڵاتێکی ڕۆژئاوایی ( ئوسترالیا ) دەژیم و نەمدەویست سبەینێ کە دەمرم بە ناوی خەتاب سابیرەوە بچمە ژێر گڵەوە. سوپاس بۆ هەموو ئەو دۆست و برادەرانەی ( کوردستان و تاراوگە ) چ لە ڕابردوویەکی دووردا و چ لەم ماوەیەی دواییدا جەختیان لەسەر گرنگیی گۆڕینی ناوەکەم کردووەتەوە.

گۆڕینی ناوەکەم ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەم خاڵانەوە هەیە کە لەژیانمدا زۆر پێیانەوە تلاومەتەوە:

1. بەهۆی خزمێکمانەوە کە لە سوپای عێراقدا لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا خزمەتی سەربازیی کردووە، ناو لەمن نراوە. ئەم خزمە، سوپاسالارێکی سوپای عێراقی ناسیوە بە ناوی "خەتاب"، بۆ بەدبەختیی، منیش لەو کاتەدا لەدایک بوومە و ناوم بەناوی ئەو سوپاسالارەی عێراقەوە نراوە. هەرچەندە من هیچ گلەییەکم لەو خزمەم نییە، چونکە ئەویش قوربانیی ئەو کولتوورە بووە.
2. لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەزانکۆی بەغداد، خوێندکار بووم، مامۆستای "ڕۆشنبیریی" بەعس و یەکێتیی قوتابیان و لاوانی بەعس، پاش هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەیەکی زۆر بۆ ئەوەی بمبکەن بە بەعسیی ، سەرکەوتوو نەبوون. دواتر مامۆستاکە بەزمانێکی دیپلۆماسیی و نیان پێی گوتم، تۆیەک ڕەسەنترین ناوی عەرەبیی و باوکی پاڵەوانێکی عەرەبیی و ئیسلامیی ( عومەری کوڕی خەتاب ) ت هەڵگرتووە، دەبێ ویژدانت ئاسوودە بێت و ببی بە بەعسیی و خزمەتی ئوممەی عەرەبیی و عێراق بکەیت. خەتاب و عومەری کوڕی زیندوو ببنەوە، ئێستا دەهاتن لەژێر ڕابەرایەتیی سەرۆک سەدامدا، دژی فارسە گڵاوەکان بەرگرییان لە سەروەریی عێراق و نەتەوەی عەرەب دەکرد.

کاردانەوەی ئەوسام وەک گەنجێکی چەقاوەسوو، نەچوون بۆ سوپای میللیی ( جەیشی شەعبیی ) زۆرەملێی و ماوەیەکیش پێشمەرگایەتییکردن بوو لە تیپی 57 ی سەگرمەی هەشتاکانی سەدەی

رابردوو، بەسەریەکیشەوە بۆ دوو ساڵ لەزانکۆ دەریانکردم، لەو سەردەمەدا، وەک گەنجێکی سەرکێش هەر ئەوەندەم لەدەست دەهات. هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێتەوە، کەسێک هەبوو لە بارەگای کەرتی تیپ، تیپی 57، لە مێوڵیی، ناوی پاشا بوو، دوو تەمەنی منی هەبوو، یادی بەخێر پێموایە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوت. زۆر دۆستیار و قسەخۆش و قۆشمەچیی بوو، پێی گوتم هەتیو ئەم ناوە قۆڕە چییە ، بەمن دەڵێن پاشا...پاشای بەڕوبەحری ناوچەی قەراغم، وەرە تەسکەرەیەکت بۆ دەردەکەم و ناوەکەت دەکەم بە نۆکەر، بەگۆڕی کاک ئارام، جیرەی قۆندەرەی ئەو نۆکەرە لەو ناوە قۆڕەی ئێستات خۆشترە. بەڵێ هەمیشە لەو کاتەوە من لەگەڵ خۆمدا، لەگەڵ ناوەکەی خۆمدا شەڕم کردووە.

3. چەندین برادەرو دۆستی رۆژئاوایی( ئەوروپایی و ئەمێریکایی و ئوسترالیی) و وڵاتانی ئاسیام هەیە، تاکە یەک کەس چییە ناتوانێ ئەم ناوە قۆڕ و رەقوتەقە بەسەر زاریدا بێت. چەندین ساڵە لە نزیکەوە یەکتر دەناسین، کە بەیەک دەگەین، پێم دەڵێن ببوورە ناوەکەتم لەبیر چووەوە، ناوت چیی بوو؟ هەموو جارێکیش بە تەوسێکی هێمنانەوە پێم دەڵێن بێ مەلامەت بیت خۆ لەحیجاز و کابول نازیت ئەم ناوە چییە، دە بیگۆڕە. لە باشترین دۆخدا، مۆبایلەکانیان دەردەکردو ناوەکەمیان دەدۆزییەوە تا بە ناوی "خەتاب"ەوە بانگم بکەن .

4. لە ژیانمدا، تەنها بەوە ئاسوودەم، بۆ یەک چرکەش درێغییم لە مرۆڤبوونی خۆم و گەلەکەم و هیچ کەسێ نەکردووە. هاوکات هەست دەکەم هیچیشم بۆ گەلەکەم نەکردووە. بۆیە ئەگەر تەمەن رێگەم بدات، دەمەوێ لەداهاتوویەکی نزیکدا، توێژینەوەیەک بەستایلێکی ئەکادیمیی و بەزمانی ئینگلیزیی لەسەر ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەنفال و ئەنسرۆپۆلۆجیای جینۆسایدی کورد بکەم. ناوی پێشووم نەک یارمەتییدەرم نەبووە، نەک ئایدێنتیتی نییە بۆ ئەو ئەرکە، بەڵکوو هەمیشە وەک زنجیرێک نەک هەر دەستوپێی بەستبوومەوە، بەڵکوو بڕستی بیرکردنەوەشی لێبڕیبووم. لەوەتەی بیر دەکەمەوە، ئەم ناوە وەک زۆردارێک هەموو بوونی منی داگیرکردووە، هەمیشە هەستمکردووە خائینێک لە گیانماندایە وەک من بیرناکاتەوەو وەک من هەڵسوکەوت ناکات، فەنکشنی ئەو ناوە لەگەڵ فەنکشنی راستەقینەی خۆمدا دوو دنیای جیاوازبوون، ئەو ناوەی هیچ پێوەندییەکی نە لەدوورو نە لەنزیکەوە بەمنەوە نەبوو، بۆیە درۆم لەگەڵ خۆمدا کردووە.. هەموو ئەو ماوەیەی کە ئەم ناوەم هەبووەو کردوومە بە ئایدێنتیتیی خۆناسینم لە جڤاکی کوردیی و تاراوگەشدا، ئازارم پێوەی خواردووە.

5. پسپۆر و ئەنسۆپۆلۆجیستێکی رۆژئاوایی( ئەمێریکایی)، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا رۆژێک لێی پرسیتم، ئەرێ ناوەکەت واتای چییە؟ گوتم هەر لێی گەڕێ، هەستیکرد، تێکچووم و ئازاری پێ دەخۆم، گوتی ببوورە ئەگەر شتێکی هەڵەم گوتووە داوای لێبووردن دەکەم. گوتم نا، هەر ناوێکی ئاساییەو باوکی دووەم خەلیفەی ئیسلامییە. پاش رامانێکی قووڵ، گوتی باوکی عومەر دەڵێی، گوتم بەڵێ، گوتی بەبێ هیچ مەبەستێکی خراپ ، وەک ئەنسرۆپۆلۆجیستێک و سکۆلارێک ئەو مافە بەخۆم نادەم کە کینەو بوغز لەهیچ ئایین و نەتەوەو و کۆمینیتیی و ئەسنیکێک هەڵگرم ، چونکە بیروباوەڕی هیومانیستییم هەیە، بەڵام مێژووی عومەری کوڕی خەتاب، مێژوویەکی ئاڵۆز و پڕ لە ئاشووب و شەڕوشۆڕ و خوێنڕشتن بووە، عومەری کوڕی خەتاب بەپێی ستاندەردو پێڕۆی ئیسلام، بۆ نیمچە دوورگەی عەرەب، کەسێکی دادپەروەر بووە، بەڵام ئەو دادپەروەرییەی لەسەر حیسابی نەتەوەو ئەسنیک و کۆمینیتییەکانی تر، بەتایبەت فارس و کورد بووە. درێژەی دایەو گوتی ئەو خەلیفەیەی ئەنفالی لە لۆکاڵیزمەوە بۆ ئەنفالی ئینتەرناسیۆنالیزم وەرچەرخاند.

من ئەو مێژووە ڕەشەی ئەنفالم دەزانی، بەڵام بۆ خۆگێلکردن گوتم بڵێم چیی ؟درێژەی دایەو گوتی لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەی یەکەمدا، ئەنفال هەر دژی تیرەو هۆزە بێباوەڕە عەرەبەکان و جوولەکەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا کراوە، واتە لۆکاڵیزم بووە، بەڵام لەسەردەمی عومەردا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی ئیسلامدا، ئەنفال لەسەر فارسەکان و کوردەکان تاقییکرایەوەو سەدان هەزار کەس بوونە قوربانیی و هەزاران ژنی جوانی فارس و کورد بۆ نیمچە دوورگەی عەرەب بە دیاریی بۆ میرە گەورەکان و بازرگانیی ڕاپێچران. خۆم پێنەگیرا بەبیانووی سەر ئاوەوە چووم تێر تێر گریام، هەموو ئەو کچە جوانانەی کوردستانم هاتەوە یاد کە سوپای بەعس وەک مێگەل جیای دەکردنەوە و بۆ دامرکاندنەوەی حەزو خولیای سوپاسالارەکانی بەعس و سوپای قارەمانی عێراق، لەپێشدا ڕەوانەی ئەو شوێنانە کران کە سوپاسالارەکانی سوپای عێراق دەستدرێژیی سێکسیی بکەنە سەریان و دواتریش ڕەوانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کران. بەتایبەتییش ئەو ژن و کچانەی ناوچەکەی خۆم، عەسکەرو گۆپتەو گەنداغاج و سەرچنارو هەموو قەڵاسێوکەو شوان و شێخ بزێنیم هاتەوە یاد، بەشێوەیەک تەزاندمی .. خۆم پێنەگیرا و بەکوڵ گریاندمی.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە و چەندین هۆکاری تایبەتیی تر، بڕیارم دا بەیەکجاریی لە خەتاب و شەڕی خەتاب و هۆزی خەتاب و ئایدۆلۆژیای خەتاب و باکگراوندی خەتاب و ئایدێنتیتیی پانعەرەبیزم و پانیسلامیزمی خەتاب ببمەوە. سەیرکەن، پتر لە 350 میلیۆن عەرەب هەیە، ئەستەمە 350 خەتاب ناویان هەبێ. بەڵام تەنها خۆم نزیکەی 35 "خەتاب- ناو"م لەکورددا بەرچاوکەوتووە. بۆیە دەمەوێ بناغەو ستراکتۆری ئەو ڕژێم و کولتوورە پەتێرنەڵیزم paternalism ەی نەتەوەی سەردەستی عەرەب، کە بەسەر هزری ناونانی منداڵانی نەتەوەی ژێردەستی کوردەوەیە بە ناوی عەرەبیی، لە ئەسحابەو ئەولیاو ئومەرا .....تاد لەخۆمەوە دەست پێ بکەم و تێکی بشکێنم. ئەم ناونانی عەرەبیی وئایینییانە وەک کۆستێکی گەورە هێرشێکی بەردەوامە بۆ سەر ئایدێنتیتیی مرۆڤبوونیشمان، بەوەی کولتووری عەرەبیی و ئایینیی هەمیشە دەخەینە سەر سەرمان و ناو کەللەی سەرمانەوە. لە کاتێکدا هەزاران ناوی خۆماڵیی و ڕۆژئاوایی قشت و ناسک و سەرنجڕاکێش هەن، کە منداڵەکانمان لە داهاتوودا کەسایەتیی و ئایدێنتیتیی خۆیان لە ناوەکانیانەوە دەست پێ بکەن و هیچ گرفتێکیان بۆ دروست نەکات!

ژیان ئەوەندە کورتە، ئەوە ناهێنێ پرسیار لەسەر خۆت و ناوی خۆت دروست بکەی، بەپێچەوانەوە لەوەتەی بیر دەکەمەوە ناوەکەم پرسیارێکی گەورەی لەسەر ڕەوشی بیرکردنەوەم داناوە. بۆیە چیتر من هەڵگری ناوی خەتاب سابیر نابم و بەفەرمیی و ئۆفیشەڵیی ناوی خۆم بۆ "کامیار سابیر" گۆڕیی. نامەوێ تا دەمرم، باجی قەڵبوونی ناوی خەتاب بدەم. ئومێدەواریشم لەم دەرفەتەشدا ئەو پەیامە بە زۆر لە دایک و باوکەکان بگەیەنم، کە ناونانی زارۆکەکانیان بەناوی عەرەبیی و ڕیچواڵی ئایینیی، جگە لەوەی دوالیزمێک لە سبەی ڕۆژی کەسایەتیی منداڵەکانیاندا دروست دەکات، لەباری سایکۆلۆژییشەوە، لەقووڵایی ناخیاندا توند توند دەیانگوشێ و دەیانشکێنێتەوە. کورد لەهەموو شتێکدا لەدواوە بێت، لە ناوی جوانی سروشت و قەشەنگیی جیۆگرافیا و دیمەنی کوردستاندا زۆر دەوڵەمەندە، ئەوە لە ناوی جوانی نەتەوەو کولتوورەکانی تریش ، بەتایبەت کولتووری ڕۆژئاوایی بگەڕێین.

**بۆچیی کامیار سابیر؟**

دوو مندالّی دووانەمان هەیە، بەناوی " ئارا و کارا" ماوەی سالّێکە هەلّیان پێچاوم و بەکوردیی و بە ئینگلیزیی گوشار دەخەنە سەرم و دەلّێن، باوکە تۆ ئەو ناوە خۆشانەت لە ئێمە ناوە ، زۆر شادمانین بەناوەکانی خۆمان، کە بەکوردیی و ئینگلیزییش لەسەر زمان خۆش دەگوترێن. ناوی دایکیشمانت لە ناوێکی قورس و رەقەوە( عەسرییە) بۆ"ئەوین"گۆڕیی ، ئەی بۆ دەترسێی و ناوێری ناوی خۆت بگۆڕیت. شەرم لەخۆمان دەکەین کە کوڕی پیاوێک بین ناوەکەی زۆر بێکەڵک بێت، ناوێک کەس بەتەواویی بەسەر زمانیا نایات( مەبەست لە کولتووری رۆژئاوایە) ، دە چیتر بە پشتیا مەخەو دەست بە گۆڕینی بکە. بۆیە بە هاندانی ئەوان و زۆر لە دۆست و ئاشناکانم ناوەکەم بەیەکجاریی گۆڕیی .

کامیار، بەواتای بەختەوەر و شادمان دێت، ناوێکی کوردییەو خوێندنەوەو نووسینی بەئینگلیزیی ( Kamyar ) زۆر ساناو خۆشگۆیە. هاوکات ناوێکی فارسییشە، دەکرێ بگوترێ ناوێکی هاوبەشی کوردیی و فارسییە، سەرەڕای ئەوەی ناوی شارێکی کوردستانیشە بە شێوەی کۆ، بەناوی "کامیاران". سەبارەت بەناوی سابیر، ناوێکی خۆشەو باکگراوندێکی جوانیشی هەیە. سابیر( Sabir ) لە رەچەڵەکدا ناوێکی عەرەبیی نییە، هەرچەندە بۆ بەدختیی و چارەڕەشیی، کورد لە عەرەب و تورکە عوسمانییەکانەوە وەریگرتووە، تەنانەت ئەگەر رەنگوڕووی عەرەبییشی گرتبێ، هەر واتایەکی جوانی هەیە، ئارامیی و هێدیی و خامۆشیی دەگەیەنێت. ئەوە جگە لەوەی جوولەکەو ئەرمەنییەکان و فارسەکان و تورکەکانیش بەکاری دەهێنن. بەڵام بنەچەی ناوی سابیر، دەقاودەق بە واتای " لینگوا فرانکا- Lingua Franca ی گەلانی کۆنی ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست" دێت. ئەو زمانە هاوبەشە ساکارو سادەیەی ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست- Mediterranean pidgin language - بە سابیر ناسراوە، هەندێ سکۆلاری تر دەلّێن، کە لە ناوی ناوچەی سیبریا( سایبریا )ی رووسیاوە و داتاشراوە. هەندێکی تر دەیبەستنەوە بەوەی نەوەی هۆنییەکانن Hunnic بن.

لەکۆتاییدا دەلّێم: گۆڕینی ناوەکەم هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە کە بەتەنها باکگراوندێکی رەسەنی عەرەبیی و ریچوالّێکی مەزهەبیی هەیە، یان بە مۆتیڤی باکگراوندێکی ناسیۆنالیستانەوە بیگۆڕم، چونکە "ناسیۆنالیزمی کوردیی"ش، لە ئاست رابەرایەتییکردنی مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی گەلی کورددا نابینمەوە، ئەم ناسیۆنالیزمە باوەی ئێستا، ئەوەندە ئیسنیکیی بووەتەوە، خەریکە ئایدێنتییە مرۆییەکانی مرۆڤی کورد کالّدەکاتەوە. هاوکات هیچ پێوەندیی بەوەوە نییە کە دژایەتی ئایینێکی دیارییکراو بکەم، رێزم بۆ هەموو ئایینێک هەیەو بەکارو بیرکردنەوەی تایبەتیی مرۆڤەکانی دەزانم، ئیسلامبوون،کریستیانبوون، یان جوولەکەبوون..تاد لای من گرنگ نییە، ئەوە مرۆڤبوون و بەهای مرۆییە لەسەروو هەموو شتێکەوەیە.

لەکۆتاییدا، زۆر کەس پێیانوایە، ناو تەنها هێمای جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە رووخساردا دەردەخات و ناوەڕۆک دەستنیشانی کەسایەتیی مرۆڤ دەکات. منیش پێموایە ئەو بۆچوونانە کەمێک راستییان تێدایە بەلاّم زۆر کلّێشەیی و بابۆلّەیین، بەپێچەوانە، ناو بەشێکە لە ئایدێنتیتیی مرۆڤ و هەستکردن بە بوونی مرۆیی خۆی، هەروەک گیدنس( Anthony Giddens ) لە مۆدێرنیتیی و خودئایدێنتیتییدا Modernity and Self-Identity پێیوایە ئایدێنتیتیی کەسیی لە هەلّسوکەوت و بیری مەزنی ئەو کەسەدا نییە، ئەم هەلّسەنگاندنە لە دیدی خەلّکەوەیە، بەلّکوو ئایدێنتیتییەکە لە بایۆگرافیی خودی کەسەکەدایە. تا هەنووکە وەک خودی خۆم ئەو هەست و ئایدێنتیتییەم لەخۆمدا نەدۆزیبووەوە. ئێستا

بە ناوی" کامیار سابیر" زۆر شادمانم و دڵنیاشم ئەو خود ئایدێنتیتییە لە ناوی "کامیار"دا بەخۆم ڕەوا دەبینم ، داواش لە هەموو ئەوانە دەکەم کە تا هەنووکە بەناوی پێشووەوە منیان ناسیوە، لێرە بەدواوە ناوەکەم گۆڕیوە بۆ کامیار سابیر.... هاوکات هەر نووسینێکی من، چ بە کوردیی و چ بە ئینگلیزیی، پێشتر بەناوی "خەتاب سابیر " ەوە بڵاوبووەتەوە، لێرە بەدواوە بە موڵکی کامیار سابیر دەژمێردرێ.